پ١/پێناسەی **(٥)** لەمانەی خوارەوە بکە:

**((لێکسیم ، فەرهەنگی واتایی، ڕیزبەندی درکاندن، فەرهەنگی مێژوویی، زاراوە ، فەرهەنگسازی))**

پ٢/پێناسەی **(٥)** لەمانەی خوارەوە بکە:

**((لێما، فەرهەنگی وشەیی ، زاراوەسازی ، ئەلف وێی زمانی ، فەرهەنگناسی، ڕیزبەندی گەردانی ))**

پ٣/ کۆمەڵە هونەرێکی چاپ هەن کەگرنگن لەبەرچاوبگیرێن لەکاتی چاپ کردنی فەرهەنگدا، تەنیا ئاماژە بە **(١٠)** خاڵیان بکە.

پ٤/ فەرهەنگ چۆن مامەڵە لەگەڵ دژواتا و هاوواتا و فرەواتا دەکات بە ٣نموونەی کارەکی ڕوونی بکەرەوە.

پ٥/ مەبەست لە پەیڕەوەکانی فەرهەنگ چییە؟ چەند پەیڕەو هەیە تەنیا بیانژمێرە، دواتر جیاوازییان بخەڕوو.

پ٦/ جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بژمێرە ، دواتر پێناسەیان بکە بە نموونەوە.

**پ٧/** پێناسەی زاراوە بکە. دواتر سێ زاراوە بەنموونە بهێنەوە کە لە زمانی کوردیدا چەند زاراوە یەکی لە بەرامبەریدا بۆ سازکراوە. پێت وایە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

پ٨/ کۆمەڵە بنەمایەک هەن کەگرنگن لەبەرچاوبگیرێن لەکاتی بەکارهێنانی وێنە لە ناو فەرهەنگدا، تەنیا ئاماژە بە **(١٠)** دانە بنەمایان بکە.

پ٩/ لە یەکێک لە فەرهەنگە کوردییەکان دا هەندێک زانیاری بەرامبەر بەم وشەیەی خوارەوە دراوە، تۆش چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکەی؟ چ تێبینی و ڕەخنەیەکت هەیە لەسەری بەوردی بیخەڕوو.

**هەڕەی لە بڕەی ناکاتەوە:** هەڕە: ڕۆیشتن، بڕە: بڕی چۆمان. هەڕی لەبڕی ناکاتەوە. هەڕە: کرمێکی سپی بڕکەی توتنانە. بڕە: بڕکە، مەبەس ئەوەیە: هێندە نازیرەکە نازانی هەڕوبڕ مانای چیە و نازانی کرمی لە بڕکەی جوێ کاتەوە.

پ١٠/بۆ هەر یەکە لەمانە یەک نموونە بهێنەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **لێما:**<br>فەرهەنگی جووت زمانی: | **لێکسیم**<br>**ئیدیەم** | **لێکسیک**<br>**هاویێژ** | **فرەواتا:** |

پ١١/ چۆن لەناو فەرهەنگ دا مامەڵە لەگەڵ هاوواتا دا دەکرێ؟ بەنموونەیەکی کارەکی ڕوونی بکەرەوە.

پ١٢/ پێناسەی **ڕێبازەکانی زاراوە وەرگرتن** بکە. دیارترین ڕێبازەکانی چیین بیانژمێرە و پێناسەیان بکە ، بۆ هەریەکیکیان **(٢)** نموونە بهێنەوە.

پ١٣/ ئەم جووتە وشانەی خوارەوە چۆن لەناو فەرهەنگ دا مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێ؟ بەکارەکی ڕوونی بکەرەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **(ئەدەب،ڕەوشت):** | **(شاخ، قۆچ):** | **(دەشت، بیابان):** |
| **(مرۆڤ، پیر):** | **(ڕۆژ ،شەو):** | **(پاشماوە،بەرماوە):** |
| **(ئازادی،ژێردەستی):** | **(ڕەنگ، سوور):** | **(مامۆستا،قوتابی):** |
| **(دەریاچە، زێ):** | **(ئازار، ئێش):** | **(ڕۆژ، خۆر):** |

پ١٤/ قۆناغەکانی بەرەوپێشچونی فەرهەنگنووسی لە زمانی کوردی دا، دەتوانرێ بەسەر چەند قۆناغێك دابەش بکرێ، بیان ژمێرە ، دەکەونە چ سەدەمێک؟ بۆ هەر قۆناغێکێکیان یەک نموونەی کاری فەرهەنگنووسین بهێنەوە.

پ١٥/چۆن لەناو فەرهەنگ دا مامەڵە لەگەڵ دژواتا دا دەکرێ؟ بەنموونەیەکی کارەکی ڕوونی بکەرەوە.

پ١٦/ یۆنانی و ڕۆمانییەکان دەستێکی باڵایان هەبووە لە جیهاندا لەبواری فەرهەنگنووسیندا، چ دەسکەوتێکیان هەبووە لەو بوارەدا بیخەڕوو، دوای ئەوانیش باس لە سێ نەتەوەی تر بکە کە ئەوانیش لەوبوارەدا کاریان کردبێ.

پ١٧/ چ هەڵەیەکی ڕێنووسی لەم وشانەی خوارەوەدا هەیە ، چاکیان بکەوە و بەدروستی لەژێریانەوە بیان نووسەوە.

دووانە ، رێڕەو، دوور، شێلان، کەوتووە، لێکۆلینەوە، دوو ، کردۆتەوە، ووشکانی

پ١٨/   چ تێبینییەکت هەیە لەسەر ڕاستی ودروستی ڕیزبەندی ئەم وشانەی خوارەوە؟ ئەگەر لەسەربنەمایەکی دروست ڕیزنەکراون، ڕیزیان بکەوە.

تەم، تەماتە، تەنانەت ، تەن ، تەندروست، تەمومژ، تەنیا ، تەنۆچکە

پ١٩/   لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی بۆ فەرهەنگ کراوە پێویستە ئەم وشانەی خوارەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێ لەناو فەرهەنگدا؟ چ زانیارییەکیان پێویستە دەربارەیانەوە بدرێ ؟ بەوردی لەسەریان بنووسە.

ڕانیە:

دەستبڕین:

پ٢٠/  لە یەکێک لە فەرهەنگە کوردییەکان دا هەندێک زانیاری بەرامبەر بەم وشەیەی خوارەوە دراوە، تۆش چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکەی؟ چ تێبینی و ڕەخنەیەکت هەیە لەسەری بەوردی بیخەڕوو..

**ئاخەبان**[١]

( ن . ، ئـن . ، نـس . : ئـاخ + ە + بـان ) . هـاوولاّت ؛ هاونیشتمان ؛ هاوشار ؛ هاوزێد ؛ خۆولاّت ؛ هاوخاك ... خەڵكی ولاّتێك .

**ئاخەبان**[٢]

( ن . ، نـس . : ئـاخ + ە + بـان ) . ئاخبـان ؛ خابـان ؛ گڵەبان ؛ بانەناو ؛ قوڕبان ... (ب . : گڵەبان) .

پ٢١/   چ تێبینییەکت هەیە لەسەر ڕاستی ودروستی ڕیزبەندی ئەم وشانەی خوارەوە، ئەگەر لەسەربنەمایەکی دروست ڕیزنەکراون ، ڕیزیان بکەوە.

ڕازیبوون، ڕاچڵەکین، ڕاکێشان، ڕاوچی، ڕاوەستان، ڕاوەسەگ، ڕانیە، ڕانەمەڕ

پ٢٢/    لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی بۆ فەرهەنگ کراوە پێویستە ئەم وشانەی خوارەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێ لەناو فەرهەنگدا؟ چ زانیارییەکیان پێویستە دەربارەیانەوە بدرێ ؟ بەوردی لەسەریان بنووسە.

کەرکوک:

سەربەخۆ:

پ٢٣/ ئەم وشانەی خوارەوە بە ڕەچاوکردنی ئەلف و بێی فەرهەنگی ڕیزیان بکە:

((هەڵۆ، هاوین، هەڵپچڕان، هونەر، هێمن، هەڵە، هەناسە ،هەڵامەت ،هێدی ، هەڵم))

پ٢٤/بەڕای تۆ ئەم وشانەی خوارەوە چین: (( لێکسیک ، لێکسیم، لێما))؟ بەرامبەرییان بینووسە دواتر ڕوونی بکەوە  بۆچی پێت وایە ئەم جۆرەبێ کەدیارت کردووە؟

((سەر،دەیبەنەوە ، ڕێ، پیشەوەر،کاڵەک ، ئازادبوون، سێیەک ، ڕۆژ، میوەجات، ڕووبەڕوو))

پ٢٥/لە یەکێک لە فەرهەنگە کوردییەکان دا هەندێک زانیاری بەرامبەر بەم وشەیەی خوارەوە دراوە، تۆش چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکەی؟ چ تێبینی و ڕەخنەیەکت هەیە لەسەری بەوردی بیخەڕوو.

**کەووش**: تایاخ ، سۆلک ، سۆل ، پێڵاو ، پێتاو ، پاپۆش ، پاڵا ، پێڵا ، تسەک. (هەورا.) دەشتێکی چۆل و بێ ئاوەدانییە یا چیایەکی وایە. (بار. ، ڕەوا.) : گژوگیای بەهارێیە وەکوو ڕێواس و کەنگر و پنگ و ئەسپنگ و ئیتر. (ڕەوا.) هەنگڵ. بن ــ: بنهەنگڵ.

پ٢٦/جۆرەکانی فەرهەنگ بژمێرە لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەروەها پێناسەکانیشیان بخەڕوو

پ٢٧/ ئەم وشانەی خوارەوە بە ڕەچاوکردنی ئەلف و بێی فەرهەنگی ڕیزیان بکە:

((ئێوە، ئەوین، ئاوفرۆش، ئێوارە، ئاوێتە، ئەوسا، ئینجا، ئاگر، ئێسک، ئەگەر))

پ٢٨/بەڕای تۆ ئەم وشانەی خوارەوە چین: (( لێکسیک ، لێکسیم، لێما))؟ بەرامبەرییان بینووسە دواتر ڕوونی بکەوە بۆچی پێت وایە ئەم جۆرەبێ کەدیارت کردووە؟

((لێلاو، گوڵان، وەرە ، چاو، بۆچوون، هەڵدانەوە، نالەبار، زۆرزان، خۆش، هەندێک))

پ٢٩/جۆرەکانی فەرهەنگ بژمێرە لەڕووی زمانەوە لە هەمان کات دا پێناسەکانیشیان بخەڕوو.

پ٣٠/ چ هەڵەیەکی ڕێنووسی لەم وشانەی خوارەوەدا هەیە ، چاکیان بکەوە و بەدروستی لەژێریانەوە بیان نووسەوە.

روو ، ڕەچەلەک، وورشە، ڕووالەت، چالدێران، ڕێکەوتن ، فرۆشتووە، بۆتەوە، سییەم

پ٣١/ جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی زمانەوە بژمێرە ، دواتر پێناسەیان بکە.

پ٣٢/لە یەکێک لە فەرهەنگە کوردییەکان دا هەندێک زانیاری بەرامبەر بەم وشەیەی خوارەوە دراوە، تۆش چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکەی؟ چ تێبینی و ڕەخنەیەکت هەیە لەسەری بەوردی بیخەڕوو.

**کاو:** دەرد، داخ: ــــ ی دڵی خۆی پێ ڕشت. خۆشی، کەییفخۆشی، کەیف، ویست. (فە.) چیا، کێو، گەشتی سەرکاوان: گەڕانی سەرچیا و هەردان. (شار.) کایە، کەڕەت (لەگەمەدا). ئەشکەوت یا تیسماڵکێکی سەختە لەنێوقەدی چیایاندا، کەورگ، مەڕ، عەلی بەردەشانی دەڵێ: ڕاوچی وەرن لەبۆ ڕاوێ، عەلی عاسێ بووە لە کاوێ. (باک.) هەوا، فیز. (هەورا.) بەرقەد، تاقی ناوشاخ.